# دژ بە زەبری مێتۆد

ئاوڕدانەوەیٚ لە تێگەیشتنی ئەنارکیستی **پۆل فایرەبەند** لە زانست لەمیانەی کتێبی" " دژ بە مێتۆد" "ەکەیەوە

**ئازاد حەمە**

## بەشی دووەم

دەشیٚ سەبارەت بەوی ئاماژەی پێکرا ئەوەش بووتریٚ کە باوەڕی توووند بە زانست بۆ فایرەبەند ڕەنگە ڕێگایٚ بیٚ بۆ زیاندان لە دیموکراسیەت و لە پەرەسەندنی ئازادی مرۆڤ. بەلام گرینگە سەرنجی ئەو لایەنەش بدەین کە دووبارە بەکارهێنانیٚ زۆری وشەی وەك " " گەشە" ", " " پێشکەوتن" " , " " باشترکردن" " و هتد لە کارەکەی فایرەبەند بەو مانایە نایٚ کە ناوبراو لەم کێتبەدا بیەویٚ زانینیٚ لەبارەی ئەوەی باشە یان خراپە لەبواری زانستەکان بدا( 2000 , لاپەڕە 33 ). بەخۆی ئەم لایەنە تەنیٚ بە فایرەبەندەوە تایبەت نییە چونکە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا باس لە گرنگی کردەی زانین و ماهیەتی ئەم زانینە هەمیشە جێی باس بووە و هەمیشە فەیلەسوفانی زانست و مێژووکردانی زانست لە ڕۆژئاوا کۆششیان بۆئەوەکردووە کە زانینیٚ بهێننەبەرهەم کە جێی باوەڕ و تۆکمە بیٚ. ئەم جۆرە زانینەش دەکریٚ ناونریٚ زانینی دلنیا کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە دیالۆگەکانی سوکراتەوە (بەتایبەت دیالۆگی تیایتێتۆس) تائێستا کاری بۆ دەکا.بەلام ئەم لایەنە لەسەر ئەوە دەوەستیٚ کە زانینی نویٚ ڕۆژئاوا ئامانجی چییە و مرۆڤایەتی بەرەو کویٚ دەبا.

تیۆری زانستی فایرەبەند گەشتیٚ دووورودرێژە بەناو ئەو کۆمەلگەیەی پێیدەووتریٚ کۆمەلگەی زانیاری و توێژینەوەکانی ئەم فەیلەسوفە زانستیە وامانلێدەکا تێڕامان لەوەبکەین کە زانینی زانستی بناغەیٚ گەورەی بۆ زانینی تەکنیکی داناوە کە هەر ئەو بناغەیەشە ئەمڕۆ نێت لەسەری دەڕوا. بۆیە زۆر ئاساییە ئەوەی تەماشای زانستی نویٚ بکا بەچاکی ئەوەی بۆدەردەکەویٚ کە چەند ئەم زانستە لە ژیانی کۆمەلایەتی تازەدا لە ولاتانی ڕۆژئاوا و دەرەوەی ئەم ولاتانە دەسەلاتیٚ سەیری پەیداکردووە.بەلام ئەوە هەر زانست نییە کە فایرەبەند پێی فایلدەبیٚ بەلکو لەپالەوە بەدووی سێستەمی باوەڕی تریش دەگەڕیٚ وەك ئاین, فەلەکناسی,جادووگەری, ڤوودۆ (سیستەمیٚ سیحرگەراییە کە لە کۆمەلگەکانی بۆ نموونە وەك هایتی باوە) کە پێیوایە ئەمانە دەتوانن سێستەمیٚ ڕوونکردنەوەی ئیمپیریی دروستکەن. ئەم جۆرە بۆچوونەی فایرەبەند کە ئێمە دەبیٚ باوەڕمان بە سێستەمی باوەڕی تر هەبیٚ شانبەشانی زانست جۆرە ڕێگایٚ لەبەردەم پلوڕالیزمیٚ تیۆریی یان مێتۆدۆلۆگی دەکاتەوە کە تەنیٚ زانست سەرچاوەی باوەڕ نەبیٚ. پاشان زۆرجار و لەگەلیٚ شوێن فیرەبەند لە کتێبی" " دژ بە مێتۆد" " داکۆکی لە زۆر بەرهەمهێنانی تیۆری دەکا کە پێیوایە مانادارە بۆ زانست(2000, لاپەڕە 38).

گرینگە لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین کە ئێمە نابیٚ بەهەلە لە هەلوێستەکانی فایرەبەند سەبارەت بە زانست بگەین. چونکە فایرەبەند وەك فەیلەسوفێکی زانست لەم کتێبەی هەنگاو بەرەو دژایەتیکردنی زانست نانیٚ بەلکو کار بۆ چاککردنی تیۆریەکان دەکا و هەروەها ئەیەویٚ زانست لەو دۆزە گرفتاویە دەرکا کە بەهۆی مێتۆدەوە تووشی بووە و پاشان لەو دەروازانەی بۆ چاپەکانی تری ئەم کتێبەی نووسیوە گەلیٚ گۆڕانی هێناوەتە سەر بیر و بۆچوونی و, هەروەها لەگەلیٚ لە لێکدانەوە توووندڕەوەکانی پێشووی پاشگەزبووە و لەژێرسایەی ئەو گەشەیەی هاتۆتەسەر بارودۆخی خوێندنی زانست و ئاستی نێوەند و ئینستیتووتەکانی توێژینەوە بەگەلیٚ دیدی تر گەیشتووە کە هەموو جۆرە ڕێگایٚ تر لەبەردەم تێگەیشتن لە ڕوانینەکانی دەکەنەوە کە ناشیٚ بەو چاوەوە تەماشاکریٚ کە ئەم بەرهەمە دژ بە زانستە..لەو دەروازەیەش بۆنموونە بۆ چاپی چینیەکەی کتێبی " "دژ بە مێتۆد" " ی نووسیووە پیٚ لەسەرئەوە دادەگریٚ کە دژی زانست نییە کاتیٚ کە زانست بەری تێگەیشتنە زۆر فانتازیەکانی مێشکی مرۆڤایەتی بیٚ. بەلام دژی ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیاکان بەناوی زانستەوە کولتوور کوژی بکەن(2000 , لاپەڕە 19). ئەم لایەنە و گەلیٚ لایەنیتر بەتایبەت ئەوانەی پێوەندی بە زانست و پەرەسەندنی ئازادی ئیندڤیدەوەبیٚ, کە لە کتێبی " "زانست لە کۆمەلگەی ئازاد" " دا باسیلێدەکا, گەلیٚ باس و خواسی جیاوازی تر دێنێتە پێشەوە, کە ئێرە شوێنی ئاوڕدانەوەلێی نیە, کە هەر هەموو ڕۆشنایی تر دەخەنە سەر ڕۆلی زانست و کاریگەری ئەوەش بەسەر تاکەوە.

بۆیە دەکرێ بلێین کە ئەم بیریارە ئەنارکیستیە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانە سیاسی و کۆمەلایەتی و ژینگەییەکان و تەنانەت ئەو گۆڕانانەی لەبواری پزیشکی, فیزیا , فەلسەفەی بایۆلۆژی و زانستی کۆمپیوتەر ڕوویانداوە کاریَ وایانکردووە کە بۆچوونی خۆی زۆر بگۆڕێ تەنانەت پێیواشە باری زانین لە زانکۆ و ئینستیتووتەکانی توێژینەوە دۆزیَ ئەوتۆی هێناوەتەپێشیَ کە ئاستی کەسەکانی هیۆمانی و کاریگەرترکردووە (2000, لاکەڕە 10). بەلام ناوبراو لەگەل ئەوەش باس لە گۆڕانکاری دەکا کەچی ناحەزیەك دژبە دەسەلاتی سیاسی ڕۆژئاوا نیشاندەدا کە چۆن دەولەتی ڕۆژئاوا پشتگیری لە زانست ناکا یان گەر بیشیکا تەنیَ لەهەندیَ پرۆژەی دیاریکراوی دەکا.

هەر سەبارەت بەو خالەی لەسەرەوە وتمان کە فایرەبەند دژە زانست نییە ئەوەش دەلێین کە فایرەبەند نە دژە زانستە و نەش ستایشیَ کوێرانەی زانست دەکا تەنانەت ئەوی بە ووردیش لە دەربڕین و واتاکانی ووربێتەوە بۆیدەردەکەویَ کە ناوبراو دژ بەو زانستەیە کە دۆگمایە و توانای مرۆڤ بچووکدەکاتەوە و پاشان ئەم بیریارە زانستیە بەلایەوە گرینگە لەو بارودۆخە بکۆلێینەوە کە کاردەکاتەسەر گۆڕانی زانستی. ئەمەو فایرەبەند لە کتێبی " "دژ بە مێتۆد" " نایەویَ داکۆکی لەو تێزانە بکا کە دەیەویَ زانست وەك سەرووی گشت زانینەکانی تر نیشاندەدا. نەك هەرئەوە بەلکو ئەم فەیلەسوفە زانستییە نایەویَ دانبەوەشدا بنیَ کە مێتۆدیَ هەبیَ بتوانیَ وەسفی مێژووی فیزیا بکا و بەوەش قایلنییە کە سەرکەوتنی فیزیا بەسەر بەشەکانی تری زانست زالکا.تەنانەت فایرەبەند لە ڕاڤەکردنەکانیشی دژ بە پۆزەتڤیزم ئەمەی کردووە و هەولی ئەوەشی داوە تیۆرییە زانستیەکان وەك تیۆریهایەکی ناڕەها و ناهەمیشەی و خاوەن بنەمایَ ڕاستییَ ڕێژەیی و کاتی نیشاندا. فایرەبەند کە تیۆری زانینی ڕێژەگەریی ئەنیشتاین بەکاردەبا بۆ ڕونکردنەوەی دیدەکانی ئەمەش پێشتر پۆپەر کردوویەتی کاتیَ کە ویستویەتی مێتۆدی ئیندوکتیڤ(ئیستدلال) ڕەتکاتەوە. بەلیَ پۆپەر ئەمەی کردووە چونکە بەهۆی ئەوەوە توانیویەتی بەوە بگا کە مێتۆدی ئیندوکتیڤ بەکەلکی ئەوە نایَ کە وەك ئارگومێنت بەکارببریَ. بەلام هەرچی فایرەبەندە لەم کتێبەدا پێشنیاری مێتۆدۆلۆگییَ نویَ لەبڕی مێتۆدی ئیندوکتیڤ ناکا.

بۆئەوەی هێلکاریەك لەسەر سەرجەم بیری زانستی ئەم بیریارە بەردەست خوێنەری ئەم باسە نخەین بەپێویستی دەزانین لە زاری فایرەبەندەوە بۆ چوونەکانی سەبارەت بە مەرگی مێتۆد و بۆچوونی بۆ چۆنیەتی ئاڕاستەکانی گەشەی زانست و پەسەندکردنەکانی لەم بارەیەوە لە **چەند تێگەیشتیَ پووختکەینەوە:**

1- زانست وەك چالاکییَ ئەنارکیستی دەشوبهێنیَ و پێیشیوایە ئەم چالاکیە کە ئەنارکیستیە لە چالاکیە مونەزەمەکان زیاتر بەبەرن.

2- بەپێی زۆربەی توێژینەوەکان بیَ ئەوانەی سەرچاوە لە ڕووداوەمێژووییەکان و شیکردنەوە ڕووتەکانەوە هەلدەگرن دەرکەوتووە ئەوی تاکە پرنسیپە و لەبەردەم گەشە ڕێگر نیە پرنسیپی " " گشت شتێك باشە" "یە.

– ئەو هێپۆتیزانە دەشیَ بەکاربریَ کە ناکۆکن لەتەك تیۆرییە زۆر گەواهیکراوەکان و هەروەها ئاکامە بەئەزموونە زۆر جێگیرەکان. دەشیَ زانست بەهۆی شێوازیَ کۆنترائیندوکتیڤ بەرەو پێشەوە ببریَ.

3- ئەوە مەرجی چڕییە کە داوامانلێدەکا هێپۆتێزە نوێکان لەگەل تیۆرییە پەسەندکراوەکان یەکحرێن بەلام ئەمە داوایَ ناعەقلانییە.چونکە ئەمە تیۆرییە کۆنەکان نەك باشەکان دەپارێزیَ.ئەوەی بۆ زانست بەکەلکە ئەوەیە کە تیۆرییَ زۆر بهێنرێتەکایەوە کە ئەمەش تواناکان بەرەوباشیدەبا بەلام ئەوەی پێیدەلێن هاوشێوەی یان یەکسانیکردن لەبواری زانست توانان بەرەو خراپی دەبا.هەر ئەوە گەشەی ئازادی تاکیش تێکدەدا.

4-ئەوەی ئیدیاکان دەیکەن هەولێکە بۆ باشترکردنی زانین و زانستیش کە دەچێتە خانەی مێژووی ئیدیاوە کار بۆ باشترکردنی گشت تیۆریەك دەکا.

### ئێپستمۆلۆژیایَ ڕێژەگەریی

هەروەك لەسەروەش وتمان لە نێوەندی ئەکادیمی و لەبواری فەلسەفەی تیۆری و بەتایبەت بەشی فەلسەفەی زانست بایەخیَ زۆر بەو سیَ فەیلەسوفەی زاتست دەدریَ کە لەسەرەتای باسەکەدا ناویان هات ,کە هەریەك لە کارل پۆپەر و تۆماس کۆهن و پۆل فایرەبەند دەگرێتەوە. سەرچاوەی سەرەکیش بۆ تێخوێندنەوەی تیۆرییەکانیان و ئەو تێزانەی بەهۆی ئەو تیۆریانەوە پێشنیارکراون ئەو سیَ کتێبەیە کە وا لای خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین:" " ڕەتکردنەوەکان و پێشبینیەکان, 1963" " ی پۆپەر, " " بنەمای شۆڕشە زانستیەکان, 1962" " ی کۆهن و " " دژ بە مێتۆد, 1975" " ی فایرەبەند. ئەوی لێرەدا ئێمە مەستمانە بیلێین ئەوەیەکە فایرەبەند کتێبەکەی خۆی لە پاش ئەو دوو کتێبە نووسیوە و بەلام لە کتێبکەیدا جگەلەوەی تێزهایەکی تر لەبواری فەلسەفەی زانست پێشنیاردەکا بەلام تێڕامانی خۆیشی پەیتاپەیتا لەسەر بیردۆزە و گریمانەکانی ئەو دوو فەیلەسوفەی زانست بەردەست خوێنەری کتێبەکەی دەخا و, ئەمەو فایرەبەند پشتگیریی خۆی بەزۆری بۆ تیۆری پاڕادایمی کۆهن نیشاندەدا وەك لە بۆچوونە ڕاسیۆنالیستیەکانی پۆپەر یان لە لێکدانەوەکانی پۆزەتڤیستە لۆژیکیەکان و , وێرای ئەوانە ئاوڕدانەوەی خۆشی بۆ کاری فەیلەسوفانی تری زانستیش , بەتایبەت هاوڕێی هێژای خۆی ئیمری لاکاتۆس, ئەنجامدەدا.بەلام ناشیَ ئەوە

لەبەرچاو وونکەین کە گەشتی ڕاستەقینەی فایرەبەند لە کتێبی ناوبراو تەنێ بۆ بەرجەستەکردنی تێگەیشتنەکانی نییە لەبارەی ئەمانەوە بەلکو بەشە گەورەکەی لەبارەی مێژووی زانستی ڕۆژئاواوەیە و بەتایبەت کاتێ قسەێ بەردەوام لەسەر گالیلێ , نیوتن یان ئەنیشتاین دەکا و تەنانەت لەسەر ئەو مێژووەش کە پێیدەلێن مێژووی دروستبوونی پۆزەتڤیستی لۆژیکی. ئەم مێژووەش گومانی ناوێ گەر بلێین تیۆری زانستی خۆی لەسەر بوونیادی ئەو شۆڕشە زانستیە دروستکرد کە لەبواری زانستی سرووشتی لە پاش سەدەی شانزەوە هاتەکایەوە. بۆیە فایرەبەند ئەم گەشتەی بەزۆری بۆ هەلوەشانەوەی ئەو تێگەیشتنانەیە کە لەسەر بناغەی تیۆری زانینی پۆزەتڤیستی دروستبووە. ئەمەش وایلێدەکا پیاسەێ مێژووی زانستی بەنێو تیۆری زانینی ڕۆژئاوا بکا و لەوێوە هەولبدا ڕەخنە ئاڕاستەی زانینی پۆزەتڤیستی بکا و تەنانەت ئەو شێوە بیرکردنەوە ڕەخنەییە زانستیەش کە مامۆستاکەی(واتە پۆپەر) بۆ ڕەتکردنەوەی تیۆری زانستی پۆزەتڤیستی کاری لەسەردەکا لەلاێ بەر گفتووگۆ لەلاێتر بەر ڕەخنە ئخا. بەلام سلبوونەوەی ناوێ گەر بووترێ, فایرەبەند ئەگەرچی ڕەخنە ئاڕاستەی ڕاسیۆنالیزم دەکا و ئەو شێوە تیۆری زانینە ڕەتدەکاتەوە کە گەلێ لە ڕاسیۆنالیستەکان لە ڕەخنەکانیان لە پۆزەتڤیزم یان لە ئەزموونگەری (ئیمپریزم) دەیگرن (لەوانە پۆپەر) بەلام بەزۆری لە ڕاسیۆنالستیەتی لاکاتۆسەوە خۆی نزدیکدەکاتەوە وەك لە ڕاسیۆنالیستیەتی مامۆستاکەی. ڕاسیۆنالیزمی لاکاتۆسیش ئەگەرچی بناغەێ پۆپەری هەیە بەلام نەختێ پلوڕالیستیتر خۆی دەردەخا.
لەو چەند دێڕەی سەرەوە تاڕادەێ ئەوەمان بۆ ڕوونبوەوە کە فایرەبەند هەلوێست بەرامبەر بە مێژووی زانست و مێتۆدی زانستی وەردەگرێ. ئەم هەلوێستەشی نەك هەر ئێپستمۆلۆژیاێ(تیۆرێ زانینی) ئەنارکیستی دروستکردووە بەلکو بناغەی بۆ ئێپستمۆلۆژیاێ ڕێژەگەریش داناوە. ئەمەو ئەوی فایرەبەند دەخوێنێتەوە و بەتایبەت کتێبی ""دژ بە مێتۆد"", کە لە گەشتێ فەلسەفی زانستیی یان ڕاچلەکاندنێ مێژووکردانەی زانستیی پێکهاتووە, زۆر بە شەوقەوە هەوەس لە بیرکردنەوە لە ڕیشەی پرسیارە زانستی و دژە زانستیەکانیش دەکاتەوە. بۆیە ئێمە لەم چەند دێڕەی لایخوارەوە دەمانەوێ بەشەرمەوە هەندێ لە تێگەیشتنەکانمان بەردەستخوێنەری ئەم سەروتارە ئخەین کە ناشێ تێگەیشتنەکان لە کۆنتێکستی خۆیان دوورخرێنەوە.
بۆچوونی دژە پۆزەتڤیستی و ناڕاسیۆنالیستی فایرەبەند جۆرە تیۆرێ زانینی(ئێپستمۆلۆژیاێ) تر دێنێتەکایەوە کە لەگەل شەپۆلی عەقلگەرایی پۆپەر و فەیلەسوفە زانستیەکانی پۆزەتڤیزم یەکناگرێتەوە. ئەوی ئەم بیریارە لەبواری مێژووکردی زانستیدا پێڕەوی دەکا ڕێژەگەریێ زانستی دەخاتەوە کە دژ بە گشت ئەو ئاڕاستانە تێدەکۆشێ کە زانینێ ئۆبژێکتیڤ (بابەتی) و ڕاستیێ زانستی ڕەها بوونیادەنێ. لەگەلێ ڕووشەوە ئەوی فایرەبەند بەوجۆرە لێیدەدوێ دواتر دەبێ بەو جۆرە ئیدیایانەی فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن کاری لەسەر دەکەن و بەرەوپێشەوەی دەبن. واتە قایلنەبوون بە زانینێ زانستیی ڕەها و ڕاستیێ ئۆبژێکتیڤ. ئەمەش تاڕادەێ زۆر ئەو شێوە برکردنەوە فەلسەفیەمان یاددەخاتەوە کە بیریارانی پۆست مۆدێرنی فەڕەنسی, لەوێنەی لیوتار و درێدا , کاریبۆدەکەن.
ئێپستمۆلۆژیای پۆستمۆدێرنەکان کە لە ئێپستمۆلۆژیای پیاوانی زانست جوداوازە لەسەر بوونیادی زانینێ ڕێژەگەریی دروستدەبێ کە ڕوو لە پلوڕالیزمێ تیۆریی و ئەکادیمی دەکا.
بەلام دەمانەوێ ئەوەش بلێین کە, لەو پاشکۆیەی فایرەبەند بۆ پاش چاپی یەکەمی کتێبەکەی خۆی نوسیووە گۆڕانێ لە ڕاڤەکردنەکانی سەبارەت بە ڕێژەگەری بەدیدەکرێ. ئەو گۆڕانکاریەش بەزۆری ڕوو لە جۆرە ڕەخنەێ دەنێ سەبارەت بە ڕێژەگەریی. ڕەخنەکانیش لەو کارانەی دا بەرچاودەکەوێ کە دواتر نووسیوویەتی. بۆنموونە لە ""لەودیو عەقلەوە"" ڕێژەگەریی وەك هاوشێوەیەکی ڕەهاگەریی(ئەبسلوتیزم) تەماشدەکا کە هەردووش یەك تێگەیشتنیان لەسەر ڕاستی هەیە کە ئەوەش خۆی لەسەر ئەوە بوونیاددەنێ کە ڕاستی ئوبژێکتیڤە ( 2000 , لاپەڕە 259). هەرلەو پاشکۆیەدا ئەوە باسدەکا کە ئێستا وەك پێشوو تەماشای ڕێژەگەریی ناکا یان بەناوەڕۆکێ نوێووە ڕەفتاری لەگەل دەکا و ئەم ناوەڕۆکە تازەیەش بەهۆی ئەو گوزارەیەوە ڕووندەکاتەوە کە پیاوانی زانست پەیکەرتاشی هەقیقەتن (2000 , لاپەڕە 260). بەلام ڕێژڕگەریی دواتر و لە ڕوونکردنەوەکانی سالانی 1990کانیدا و بەتایبەت پێش مەرگی دەبینین وەك ڕێژەگەریێ ئۆنتۆلۆژی (بووناوی) دەشوبهێنێ. ئەم تێگەیشتنەشی بۆ ڕێژەگەریی بە هاوشێوەی دەزانێ لەگەل فەلسەفەی دواتری تۆماس کۆهن (2000 , لاپەڕە 262). ئەم یەکگرتنەوەیەش لەسەر ئەو بناغەیەیە کە هەردوو دژی پڕۆگرامی توندی کۆمەلناسی زانستن. هەروەها هەردوو پێیانوایە ئەوە بەس نییە کە دەسەلاتی زانست بەهۆی ئارگومێنتی مێژوویەوە لێکدرێتەوە. بۆیە لەم حالەتەدا بەوەدەکا کە بۆ دەبێ دەسەلاتی مێژوویی لە دەسەلاتی فیزیا گەورەتربێ؟ ڕەنگە هەر ئەم لایەنە نەبێ کە فایرەبەند لەگەل کۆهن تیایا کۆکە بەلکو بەپێی بۆچوونی وەرگێڕی سویدی(تۆماس براندت) تێزە سەرەکیەکانی فایرەبەند هەمان ئەوانەی کۆهنە. هەر لەوبارەیەشەوە دەکرێ بلێین کە, فایرەبەند لەپێش مەرگی و لەو کتێبەی بەناوی ""کوشتنی کات""(سالی 1995) نووسیویەتی بەمجۆرە لەبارەی ڕێژەگەرییەوە دەدوێ: بابەتگەریی(ئوبژێکتڤیزم) و ڕێژەگەریی نەك تەنیا فەلسەفەهایەکی بێکەلکن بەلکو ڕێنیشاندەرێ خراپیشن (5).
هەر سەبارەت بە ڕێژەگەریی فایرەبەند ئاماژە بەوەشدەکەین ئەوی ڕێژەگەریی سەبارەت بە زانین کاری بۆ دەکا دروستکردنی ڕاستیێ لۆکالیە نەك گەردوونای. واتە کار بۆ ئەو جۆرە ڕاستیە دەکرێ کە لەدەرەوەی چوارچێوەی

تێگەیشتنێ زانستی وشك و بتەو لەدایكدەبێ. بەلام باس لەم جۆرە ڕاستیە كێشەێ ئیتیكی دێنێتە پێشەوە كە لایخوارەوە دێینەوە سەری.

سەبارەت بەم خالە دەكرێ ئەوە بلێین كە ,گەلێ لەوانەی دێیات لەسەر دۆزی زانستی مۆدێرن دەكەن دەیانەوێ ئەو جۆرە هێپۆتێزە (گریمان) بهێننەپێشەوە كە زانستی نوێ دۆزێ ئەوتۆی هێناوەتە پێشەوە كە تیۆرەكان گریتگە لەیەكدی جوداكەینەوە یان جۆرە پۆلكردنێ پێڕەوكەین تا لەوەبگەین چ تیۆریێ لەڕاستیەوە نزدیكە یاخود دژ بە ڕاستی ڕێدەكا.بەلام ئەم شێوە بیركردنەوەیە بۆ هەندێ لێكۆلەرەوەی تر بەتایبەت ئەوانەی خاوەن ئەندێشەێ فەلسەفی ڕێژەگەریین دێیات لەسەر ئەم لایەنە نەشیاوە. هۆی ئەمەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم بەشە بۆ ئەوەدەچن بەتەواوەتی ئەوە یكلانەبۆتەوە كە كامە تیۆری لە ڕاستیەوە نزدیكە یان ئایا دەشێ زاراوەی ڕاستی بدرێتە پال زانست. گومانی دژە زانست و بیریارانی ڕێژەگەریی لە ڕاستی زانستی و زانینی ئوبژێكتیڤی دەرگای لە هەندێ دێیاتی تریش كردۆتەوە ,كە لێرەدا ناشێ ئاوڕیلێدرێتەوە, كە هەر باس نییە لەسەر ستاتۆسی زانست و پێوەندی ڕاستی بە زانستەوە بەلكو باسیشە لە ڕێژەگەریی كولتووری و هەروەها پێوەندی ئەم ڕێژەگەرییەش بەهەندێ دیاردەی ترەوە. بەلام زۆرجار داكۆكیكردنێ توووند و تەنانەت كوێرانەش لە ڕێژەگەریی زانینی و هەروەها ئەوەی كە ڕاستی شتێ لۆكالی و ناوچەییە شیاویی لەبەردەم ئەوەشدەكاتەوە كە ئاوشوێتز (ئەو ئۆردوگایەی نازیەكان بۆ جوەكانیان لە باكووری پۆلەند دروستكرد كە تیایای قەتلوعامكران ) و گۆلاك (ئەو مەنفایەی ستالین بۆ دژەكانی خۆی و بۆ دژەكۆمۆنیستەكانی دروستیكردبوو) و كارەساتی هەلەبجە بۆنموونە شتێ ڕێژەیی و ناوچەین. لەمحالەتەدا زۆر ئاساییە تێڕامان لەوەكرێ كە چۆن ڕێژەگەریی دەشێ لە پشت زەبرەوەبێ.

كێشەكە لێرەدا هەر ئەوە نییە بەلكو خودی تراژیدیای ئاوشوێتز(هۆلۆكۆستی جوەكان) و ئەنفال(هۆلۆكۆستی كوردەكان) بۆ گەلێ زۆر ئاساییە بەری بیری تازەگەریەكانی عەقل و ئەو زانینە زانستیەبێ كە فۆڕمێ تری لە ستەم و چەوسانەوە هێنابێتەكایەوە.